# ( إني أحبك في الله )، ئەویش ووتی: ( أحبك الذي أحببتني له )

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک لە لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بوو؛ لەو کاتەدا پیاوێکی تر بە لایاندا تێپەڕی، پیاوەکە ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من ئەم پیاوەم خۆشدەوێت، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئایا پێیت وتووە؟»، پیاوەکە ووتی: نەخێر، -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «پێی بڵێ (با بزانێت کە خۆشت دەوێ)؟»؛ بۆیە ئەویش شوێنی پیاوەکە کەوت، وپێی ووت: (إني أحبك في الله)*، ئەویش ووتی: (أحبك الذي أحببتني له)**». *(واتە: من لە پێناو خوای گەورە تۆم (خۆشدەوێت)، **(خوداش تۆی خۆشبووێت چونکە لە پێناو ئەو تۆ منت خۆش ویستووە
[صەحیحە] [نەسائی گێراویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باسی دەربڕینی خۆشەویستی دەکات بۆ برای ئیماندار، کاتێک پیاوێک دانیشتبوو لە لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ووتی:من ئەو پیاوەم خۆشدەوێت، مەبەستی پیاوێکە باسنەکراوە کێیە کە بە لای ئەواندا تێپەڕی، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە پیاوەکەی فەرموو: ئایا پێیت وتووە (زانیویەتی کە خۆشت دەوێت؟)، وپیاوەکەش دەستبەجێ فەرمانەکەی پێغەمبەری جێبەجێکرد -صلی الله علیه وسلم- وبە پیاوەکەی ڕاگەیاند کە لە پێناو خوای گەورە خۆشی دەوێت وئەویش بە جوانترین شێوە وەڵامی دایەوە هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سونەتە ئەگەر پیاوێکی مسوڵمان برایەکی مسوڵمانێکی خۆشبوێت یان ئافرەتێکی مسوڵمان خوشکێکی مسوڵمانی خۆش بوێت ئەوا با پێی بڵێت: من تۆم خۆشدەوێت لە پێناوی خودا، چونکە ئەم قسەیە دەبێتە هۆی زیاد بوون وپتەبوونی خۆشەویستی لە نێوانیان؛ چونکە ئەگەر مرۆڤ بزانێت براکەی خۆشی دەوێت ئەوا ئەویش خۆشی دەوێت، ودڵەکان یەکگرتوو وتەبا دەبن. وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: (الأرواح جنود مجندة ما تعارف منها ائتلف، وما تناكر منها اختلف) واتە: (ڕۆحەکان چەند کۆمەڵێکن -لە یەکگرتندا وناکۆکیدا- ئەو ڕۆحانەی لەسەر هەمان ڕێرەو* بن یەکدەگرن، وئەوانەیشی ڕێرەویان جیاواز بن ناکۆک دەبن). *(ڕێرەو: مەبەست بیروباوەڕ (ومەنهەج وخێر وچاکە وڕەوشتە جوانەکانە

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3028

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee